چیرۆکە هەواڵ

# بێوەفایی لە نێوان عەشق و خۆشەویستیدا

هاوڕێ شکۆ

## "شازادەکەم جگە لە زەردەخەنەی تۆ دڵم بە هیچ بوونەوەرێك ناکرێتەوە"

ئەمشەو دوای ماوەیەکی زۆر لە ململانێ لەگەڵ ناخی خۆم بڕیارم داوە ڕوداوێکی ڕاستەقینەی خۆم، کە داهاتووی منی پێوەبەندبوو، وەك خۆی باس بکەم بۆئەوەی کەمێك ویژدانم ئاسودەم بکات و ببێتە پەندێك بۆ ئەو گەنجە عاشقانەی بێ وەفایی لەگەڵ یەکترئەکەن، تاکو وێنەیەکی ڕاستەقینەتان لەلا دروستببێت، ژیانی من وەکو گەنجێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو بە هۆی واقعی دواکەوتووی کۆمەلایەتی لەماڵیەوە تووشی حاڵەتیکی نائاسایی بووم سەرجەم ژیانی گۆڕیم، کە لە دەرەوەی دەسەلاتی مندا بوو، بۆ شاییەکی گەورەی لەژیانی من دروست کرد، ئەمەش وای کرد ناچار بە دوای کەسێك بگەڕێم ئەم بۆشاییەم بۆ پڕ بکاتەوە و لە ناخەوە ئاسودەم بکات. من گەنجییێك بووم دوای ماوەیەکی زۆر دوورکەوتنەوە لەزێدی خۆم کارم کەوتە شارۆچکەیەك چوار ساڵ بەر لە ئێستا دوای نیوەڕۆیەك لەکارێکی فەرمی خۆم لەژوورێکی بچووك بەرەو هۆڵیك ڕۆیشتم سەیرم کرد کچێك بەجلی ڕەش دانیشتووە، پێیان ناساندم کە ناوی شازادەخانە لە یەکەم خەندەو نیگایدا چاوم پێی کەوت زانیم وێنەی ئەو شازادەیە، کە ماوەیەکی زۆرە وێنەکەی لەخەیاڵ و یادەوەریەکانم جێگیربووبوو، هەرچەندە سەیرم دەکرد وام دەزانی هەزار ساڵە لەئاسمان بەدوای ئەگەڕێم ئێستا لەسەر زەوی دۆزیومەتەوە، لەم کاتەدا نە ئاگام لەخۆنە لە دەوروبەرم نەما تەنیا بیرم ئەکردەوە، لە یەکەم نیگام بۆ شازادە وام هەست ئەکرد لە ناو بیابانێك خۆم ونکردبوو تەنیا فریادەرس شازادەیە، بەسۆزو میهرەبانی و بەرائەتەی خۆی ڕزگارم بکات. ڕۆژان هاتن و ڕۆیشتن خۆشەویستی شازادە لەناخمدا زیاتر چەکەرەی کرد، بەلام هەرگیز نەم ئەتوانی بۆی باس بکەم، کەچی پێم وابوو بەردەوام لەگەلم دایەو هاندەری ڕاپەڕاندنی تەواوی ئەرك و کار وخولیاکانمە، دوایی ساڵێك لەخۆشەویستی یەك لایەنە ڕۆژێك زەنگی مۆبایل لێیدا و یەکێك لەئەندامانی خێزانەکەیان وتی: شازادە لە خوێندنی ئامادەیی دەرچووە، دەبێت هەولێك بۆ دامەزراندنی بدەین، منیش زۆر خۆشحاڵ بووم، هەرچەندە ئاگام لەم دەرچوونەی هەبوو ئیتر من خۆم ئامادە ئەکرد بۆئەوەی ئەم حاڵەتەی خۆمی پێ بڵێم، هەرچەندە کارێکی زۆر زۆر قورس بوو بەلای منەوە، نەم ئەزانی چۆن قسەی لەگەڵ بکەم .لەچییەوە دەست پێبکەم خودایە چی پێ بڵێم؟ سەرەنجام بە شەرم و ترسێکی زۆرەوە ئێوارەیەك ورەم دا بەرخۆم و قسەم لەگەڵی کرد و دوای ماوەیەك هێنان و بردن، کە زانی من مەبەستم لەم مەسەلەیە پاکە ماوەیەکیشە بەدوای خۆشەویستی ئەودا وێلم ، وتی: زۆرجار تۆم لە خەودا ئەبینی ڕێککەوتین کە شا و شازادەی خەونەکانی یەکتربین، داهاتوو وەك کوڕ وکچە کوردێکی عاشق بەیەکەوە بەشادی و خۆشیی ژیان بنەخشێنین، ئەم عەشقە پاکەم بەتێپەڕبوونی کات و زەمەن گەورەتر و زیاتر بەناخم ڕۆدەچوو چەشنی داربەڕوویەك کە ڕەگەکانی بە قولایی زەویدا چووبێتە خوارەوە تا وای لێهات بۆساتێك بێ یەکتر نە ئەژیاین، گەردێك گومانم لە خۆشەویستی شازادەکەم نەبوو، بۆیە ژیانی خۆم تەرخان کردبوو بۆ داهاتوو لەگەڵ داخوازیە تایبەتیەکانی تا وام لێهات کەمتر ئاگام لە دەوروبەرو بگرە کارەکانیشم نەمابوو، زۆر لە برادەرانم گلەییان ئەکرد کە شازادە شایەنی ئەو هەموو ماندووبوون و هیلاکیە نیە کەمن خۆمی پێوە ماندووبکەم، ئەم وشانە زۆر تورەو پەستیان دەکردم ئێستاش ئەم قسانە سەرەڕای بێ وەفایی ئەو زیاتر تورەم ئەکەن زۆر هاورێی ترم بەم هۆیەوە ڕەنجاندن، چونکە خۆشەویستی شازادەکەم وای لێکردبووم بە مانای وشە بۆئەم عەشقە پاکەم بسوتێم و باکیشم بە هیچ شت و کەس نەبێت.

لای من شازادەکەم هەموو دونیا بێت و ساتێك بیر لە کەسی تر نەکەمەوە ڕۆژیك بە خەیاڵیش بچووکترین خیانەت یان بێ وەفایی لە شازادەکەم نەکەم، چونکە پێم وابوو ئەو نەك تەنها لە گەڵ ڕۆحم تێکەلاوبووە بەڵکو ئاگای لە هەناسە و ترپەی دڵە. ساڵ هات و ساڵ ڕۆیشت شازادەکەم هەر ئەیوت "پەلەمەکە کوڕە با تورەنەبم شێتە ئەگینا...؟!"پاشان بەمیهرەبانییەوە،دەیگوت: دڵنیابە ڕۆحەکەم من ناهێلم ئەم دووریەمان زۆر بخایەنێت و پێکەوە لەشارێکی قەشەنگ ژیانێکی هێمن و ئاسوودە ئەبەینەسەر و تۆڵەی ڕابردووت بۆ ئەکەمەوە ڕۆژێك دادێت خواردنی خۆش بەدەستی من ئەخۆیت، ئەو قسانە ئەوەندە خۆشحالی ئەکردم ئەموت ئەمرەکەی گەورەم؟"کەچی ئەو دەیگوت "نەخێر تۆ خاوەن شکۆی.. تۆ گەورەمی، بەلام تکا دەکەم با ئەو برادەرەی لای من ئەو قسانە نەزانێت. هەرچەندە ئەودەستە خوشکەی شازادە ئاگاداری تەواوی لە پەیوەندیی من و شازادە بوو، تا بلێیت کچێکی ڕۆح سوك بوو، چونکە لەگەڵ شازادە بوو منیش هەردەم وەکو خوشکی خۆم سەیرم ئەکرد، زۆرجار کە ئێمە وردە کێشەمان دەبوو، ئەو ئاشتی دەکردینەوە زۆر ڕێزم دەگرت نەم دەزانی وەکو سەرجەم بە کرۆکەکانی تری داستانە پڕ لە سۆیەکانی عەشق ئەبێتە هۆکاری تێکچوونی سەر لە بەری

ژیانـــی داهاتـــووم؟ زۆر پەلەبووم تاکو شـــازادەم خوێندن تەواو دەکات، منیش بە ئاواتی خۆم ئەگەم.  ئەو ئاواتەی کە قوربانیی زۆرم  لەپێنـــاوی داوە، هـــەروەك مەم بۆ زین.. دێوانە بۆشـــەم. ئازاری زۆرم لە پێناوی چەشـــت بۆ ماوەی چوارساڵ بە دوای ئەم عەشقە شێتانەم وێل و سەرگەردان بووم، بەڵام بۆ ئامانجێك کە پێم وابوو زۆر نزیك بووە، ڕۆژ و سات و چرکەکانی کاتژمێریشم هەژماردەکرد، خودایە کەی شازادەکەم ئەگەرێتەوە بۆئەوەی بە یەکجاری بەیەك بگەین،؟ چونکـــە وام لیهاتووە ژیانی من بەبێ بوونی شـــازادە جۆرێك بێت لە مەحـــاڵ، کە پێم ئەگوت زۆر بە پەلەم ئەیگـــوت" پەلە مەکە کوڕە پێت ناڵێـــم؟ خودا گەورەیە" منیـــش بـــە پێکەنینـــەوە وەڵامم دەدایـــەوە دەباشـــە کچێ خۆ تورەبوونی ناوێت؟ پێش تەواوبوونی بە ماوەیەکی کەم لە ناخم هەســـتم بە گۆڕانیك ئەکرد، کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم هەستەم زیاتر دەبوو تاوام لێهات یەکەمجار پاش ئەو ماوەیەی گومان لە شازادە بکەم، بەڵام نەم ئەتوانی قەناعەت بەخۆم بکەم  لاشـــم ئاســـان نەبـــوو. ڕۆژێك زەنگی مۆبایل لێیداو هەواڵێکی پڕ لە کارەســـات بوو بۆمن، کە گوتی" واباشە کۆتایی بەم پەیوەندییەمان بهێنین" وەکو ئەوەی ئێمە بۆ چەند ڕۆژێك یاخود مانگێك پەیوەندییمان هەبووبێـــت! ئەم قســـانەم زۆر لا ســـەیربوو و هەژاندمی وەکو بروسکەیەك بەناخی زەوی بمباتە خوار بمخاتە ناو تاریکاییەکی قـــووڵ، تاکـــو ژیـــانم مابێت هەرواشـــم لێهـــات، پێم گـــوت" تۆ بەراستیتە پاش تەمەنێك لە پێکەوە بوونمان دوایی ئەم هەموو ژیانی پڕ لەخەندەو ناخۆشیەکانی کە بردمانەسەر دوایی ئەوەی بینای داهاتوومان کردبووە کۆشـــکی یادەوەریمان، ئێستا ململانێ لەگەڵ ئاسمان دەکات، چۆن دڵت دێت چ ویژدانێکە ئەم کۆشکەی کە بەماندووبوون هیلاکی شـــەونخونی چەند ساڵە بە پێکەنین و لێك تورەبوون چاك بوونەوە دروستمان کرد شازادەکەم چۆن دڵت دێت بە دەســـتی خۆت بیروخێنی، هەرگیـــز دڵی تۆ ئەوەندە رەق نەبووە؟ ئەی نازانیت شـــازادەکەم بی تۆ من ژیانم تێك ئەچێت، ژیـــان لام مانایەکی نامێنێت و وەکو جەســـتەیەکی مردوو و بێ رۆح دەژیم. شـــازادەکەم ئـــەی تۆ نەت دەگوت:تۆ خۆشەویســـت و رۆحـــی منی، نـــازانم کەس هەیـــە بتوانـــێ واز لەڕۆحی خۆی بێنێت؟ باوەڕ ناکەم شـــازادە خۆ تـــۆ هەموو وردەکاری ژیانی من ئەزانیت زۆریش لەگەڵت بەوەفا و ڕاســـتگۆبووم، دەبێت هۆکاری ئـــەم بڕیارە بە پەلەت بزانم، چونکە پەیوەندیی بەچارەنووســـی منەوە هەیە، بەڵام ئەو توانای پاساوهێنانەوەی نەبوو، توندی من کەپێی تاوانباردەکردم جگە لە بیانوویێك هچی تر نەبوو تەنانەت لەکاتی بینینیدا نەم ئەتوانی لەڕوویدا قسەبکەم و شەرمم دەکرد رازەکانی دڵم بدرکێنم، بێ گومانم ئەو کچەی کە لەگەڵی بوو هانی ئەدا بۆ ئەم بڕیارەی،  هەرچەندە زۆرم ڕێز ئەگرت زۆر بەکەڵکی ئەهاتم، بەڵام ئەو وەکو (مەهۆ) ئیرەیی بەخۆشەویستی داهاتوی ئێمە ئەبرد. زۆر هەوڵمدا بێ ســـودبوو ناچار بەهۆی ڕاستگۆیی و خۆشەویستیم بۆ شـــازادە هەندێ هەڵەم کرد کە نابوایە وابکەم، بـــەڵام ناچارکـــرام منیش هۆکار نەبووم،  بەڵکـــو هۆکارەکەی کە لەڕەقی شـــازادەو بـــێ وەفایی ئەوبوو  زۆریـــش هەوڵمدا ئەمزانی بەدوایـــی ســـەرابێك کەوتـــووم و ئەنجامـــی جگە لـــە ماڵوێرانی بەولاوە شـــتێکی تر نیە، بەڵام ڕێگـــا چارەی ترم نەبووە جگە لە گۆشـــەگیری و بارێکی دەروونی ئاڵۆزو و نالەبـــار، هەرچەندە لە پێناو عەشـــق و خۆشەویســـتییەکی پاك زۆر قوربانیمدا،  بەڵام ســـەرەڕای هەموو دەردەســـەریەکانم بۆئەوەی شـــازادە بۆ خۆی



ئەو ساتانەی بەیەکەوە بەڕاڕەوەکانی عەشقدا ڕێمان دەکرد

ئازادبێـــت بڕیارمـــدا وازی لێبێنـــم و گەردەنیشـــی ئـــازاد بکەم، تووشـــی کێشـــە نەبێت بێ گومانم ئەم بڕیارەم کاریگەری لەسەر ژیانم ئەبێت تا لەژیان بمێنم وەك جەستەیێکە بێ ڕۆح و گیانم، چونکە لە لایەك بێ وەفایی و بێ بەڵێنی شـــازادە و لەلایەکی تر ئەو هەموو ڕابردووە خۆش وناخۆشەی پێکەوەمان، وام لێئەکات توانای زاڵبوونم بەســـەر هەستەکانم ئەســـتەم بێت، ئێستاش کە گوێـــم لە زەنگی نامەی مۆبایل ئەبێت وا ئەزانم ڕابردووە،  وەکو جـــاران بەڕاســـتگۆیی و بەرائەتەوە ئەگەڕێتەوە گومانیشـــم نیە کـــە ڕۆژێکەو ئاوابووە و دونیای منـــی تاریك کردووە جارێکی تر هەڵنایەتەوە، ئیتر نامەوێت هەڵیشـــبێتەوە،  بەڵام تاژیانم مابێت لەو دونیاش هەرچاوەڕێم  و بەم تاریکیەم دەستی خەیاڵم دەگرم و بە ســـەر ئۆقیانۆســـی خەمەکانم چاوەڕێـــی هەڵهاتنی خۆریش ناکـــەم، بەڵام بێ بوونی ئەم چاوەڕوانییە ناتوانم بە ڕێگادا بڕۆم. دەبێت بەرامبەر هەســـت و عەشـــق و وەفاو ڕابردووشـــم تاسەر ڕاستگۆبم گەر باجەکەی سووتانی خۆشم بێت قەیناکە، بێگومانم لەم بارە ناهەموارەی ئێســـتام خراپـــتر نابێت، مرۆڤ  نیە بتوانێ بەیەك ئەندازە دووجار بەپاکی و ڕاستگۆیی  خۆشەویستی بکات و هەمان شێتی سەرەتای تیابێت، بۆیە ئیتر لە دوایی ئەم کۆست و کارەســـاتەم دڵم بە هیچ بوونەوەرێك ناکرێتەوە و زۆریش تەنهام بـــە گومانم لەبوون و ســـێبەری خۆم نـــەوەك جارێکی تر فێڵ و خیانەتم لێ بکاتەوە، شازادەکەم دڵنیام لەم سەری دونیاشدا بیت لە ناو  گۆڕیش بم لە ســـەر عەرشی دڵم  هەر شازادەی،  بەڵام لە جیاتی خەندەی جاران و بۆنی گوڵ و ڕێحانە، بۆنی خیانەت و بێ وەفاییت لێدێت و خاوەن شـــکۆش بەدەم زەردەخەنەوە تلك... تلك خوێنم لێ دەچۆڕێت شازادەخان.